# بەرپرسی سایتی هەڵوێست و هەڵبژاردنی فەلەستین و لێكدانەوەیەكی دڵخواز !

penus2700@yahoo.com پێنووس

ماوەییێك لەمەوبەر لە سایتی هەلوێست بابەتێكی بەرپرسی ئەم سایتمە خوێندەوە بە ناوی:(هەڵبژاردن لە فەلەستین فەشەلی ئیسلامی سیاسی ڕاگەیاند) . بە ڕوالەت بابەتەكە لێكدانەوەیەكی هەڵبژاردنی سەرۆك حكوومەتی فەلەستینە . بەڵام لە خوێندنەوەی بابەتەكە دادەردەكەوێت كە بەڕێزیان بۆ سەلماندنی شكستی گووتاری سیاسی ئیسلام (بە قسەی بەڕێزی : ئیسلامی سیاسی) بە دوای دەلیل دا دەگەڕێت و بۆ ئەم بیرو بۆچوونە ی خۆیشی هەڵبژاردنی سەرۆك حكوومەتی فەلەستینی كردووە بە بیانوو .لە بەشێك لە نووسینەكە یدا دەڵێت:(بە پێی ڕاگەیاندنی ئەنجامی دەنگەكان بە گشتی زیاتر لە 66% كەسانێك كە مافی دەنگدانیان بووە ، بەشداریی هەڵبژاردنەكە یان كردووە.كە ئەمە ڕێژەیەكی زۆروو چاوەڕوان نەكراوە . چوونكە زۆربە ی لایەنە ئیسلامیەكان و لە سەروویانەوە "حە ماس"و "جیهادی ئیسلامی"بە بیانووی ئەوە كە ئە م دەوڵەتە هەڵقووڵاوی ڕێككەوتنی" ئۆسلۆ "یەو ناشەرعییە . هەڵبژاردنەكانیان بایكۆت كردبوو.) لێرەدا سەرنجی بە ڕێزی بۆ دوو خاڵ رادەكێشم:یەكەم: 36% بە شدار نەبوو خۆی بە ڕێژەیەكی كەم دانانرێت ئەگەرلە وڵام بە تەحریمی ئیسلامییەكان بەشدارییان نەكردبێت.سە رە ڕای ئە وە كە وە ك دە ركەوتوە لە سیستەمە دیكتاتۆریەكاندا لایەنی دەسە ڵاتداربە حوكمی لە دە ست دا بوونی دە زگاكانی ڕاگە یاندن و سە رچاوە داراییە كان و دام و دەزگا و ئیمكاناتی دەوڵەتی و كەڵك لێ وەرگرتنیان بۆ پەرەپێدانی دەسەڵاتی حیزبی، هە میشە دەنگیان لە لایەنی بەرهەڵستكار زۆرتر بووە.دووە م:لە هەڵبژاردنەكانی ئێرانداسەرەڕای بانگەوازی تەحریمی ئەو گشتە بەرهەڵستكارە ئاڵ و واڵایە لە ڕاستە وە بۆ چەپ و لە ئیسلامییە وە بۆ نائیسلامی تەنانەت هەندێ لە باڵەكانی دەسەڵاتەوە دیسان ڕێژە ی بەشداربووان لە نێوان 60% تا 80% و بگرە فرە تریشە . ناشێ ئەم بەڕێزە ئەم گشتە دەنگدانە و بەپیرەوە چوونی خەڵك بە پێگەی ڕاستەقینەی نیزامی ویلایەتی فە قیە بزانێت و پێگەی ئەو گشتە بەرهەڵستكارە كە بەردەوام خەریكی بایكۆتی هە ڵبژاردنن، بەو رێژە كەمە بە راورد بكات.

لە بەشێكی تردا دە ڵێت:(...ئیسلامی سیاسی ،خواستێكی جە ماوە ری نییە و ئەم فیكرە ئەگەر ناوێكی هەیە بەرهەمی پارەی وڵاتانی پیلانگێروشانتاژ و كردەوە ی تیرۆریستییە.) لێرە دا گەرەكم نییە پێگەی خەڵكی خۆیان وەكوو چە پی سە ربەخۆ و بە گشتی چەپ لە نێو خەڵكدا دیاری بكەم .نازانم بۆ سەیری ئە زموونی ئیسلامیە كان لە وڵاتانی ئە لچە زائیر،توونس،تاجیكستان،پاكستان،مالزی،ئە ندوونزی،سعوودیە، توركیە،عێراق و ...ناكات.كە لە هە ر زە مانێكدا كە هە ل و مە رج رە خسابێت بۆ كاری ئازادی سیاسی و پرووپاگە ندە ئە وا ئیسلامیە كان لە گە شە سە ندن دا بوون و تە نانە ت سە ر كە و تنی بە دە ست هێناوە لە كوردستانی خۆیشمان دیسان هە لبژاردنی ئهم دواییانە ی كوردستان بە ڵگە یە كی باش بوو تا بە شێك لە پێگهی ئیسلامیە كان بۆ بە ڕێزیان دە ربخات.بۆ هە ڵبژاردنی سە رۆك كۆماری فە لە ستینیش،كە بە ڕێزیان كردوویە تی بە بیانوو،با سە بری بكردایە و جاوە ڕوانی هە ڵبژاردنی سارە وانیە كانی بكردایە،كە لەم هەڵبژاردنا لە كۆی 10 شارەوانی بزووتنەوەی حەماس كە یەكێ لە لایەنە ئیسلامیەكانە توانی لە 7 شارەوانی سەركەوتن بەدەست بێنێت.ناشێ بەڕێزیان لێكدانەوە كەیان وا بگۆڕن كە بزووتنەوەی فەتح تیاچووە و هیچپێگەیەكی خەڵكی لەو ناوچانە دا نییە و خەڵك بە رە و پیری ئیسلامی سیاسییە وە هاتبن !.

له كاتی هەڵبژاردنەكانی ئەلجەزائیر كە بەرەی نەجاتی ئیسلامی سەركەوتنی بەدەست هێنا وخەريك بوو دەوڵەتی ئیسلامی دابمەزرێت ، بە فیتی دەوڵەتە رۆژئاواییەكان ئەرتەشی ئەو وڵاتە كوودەتایەكی سەربازی ڕێكخست و هەڵبژاردنەكانی بەتاڵ كردەوە . دوای كووژرانی حاكمی سەربازی مووحەمەد بووزیاف،حوسنی موبارەك دیكتاتۆری میسر لە كاردانەوەیەكدا وتی:من بە بووزیافم وت ، با ئیسلامیەكان لە هەڵبژاردندا بە شدار نەبن.
با بەڕێز بەرپرسی سایتی هەڵوێست ئە م نەسیحە تانەی بۆ حوسنی موبارەك بكات.كە بیەڵێت ئیخوانولموسلیمین بە شداری هەڵبژاردنەكان بكات تا بە قسەی ئەم بەڕێزە بێ پێگەیی ئیسلامییە كان بۆ خەڵكی میسرو تەواوی جیهان دەربكەوێت. بەڵام دڵنیام كە حوسنی موبارەك زۆر باشتر لە پەرپرسی سایتی هەڵوێست پێگەی ئیسلامیەكان دەزانێت بۆیە تا ئێستا بە هیچ لایەنێكی ئیسلامی مافی بە شداری لە هەڵبژاردنی نەداوە . كام ئاگادار هە یە نە زانێت كە عە رە فات چ دە سەڵاتێكی ترسناكی بە تایبەت لەو ناوچانەی كە بە پێگەی حەماس ناسراون بەڕێنە خستبوو ؟!. كێ هەیە ئە و گشتە پشتگوێ خستن و ئازاروگرتن و ئەشكەنجە و ناراحەتییەی نەبیستبێ كە لە لایەن دەسەڵاتی فەلەستین و ئیسرائیل هاوكات بۆ ئیسلامیەكانیان فەراهەم هێنابوو . با بەڕێزی ئەم قسانەی وەك ئامۆژگاری بۆ دەسەڵاتە عەلمانیەكانی ئۆردۆن و مەراكیش و ئەلجەزائیر بكردایە و بیكات.
لە بەشێكی تردابە ڕێزیان پێوەری خۆشەویستی جەماوە ری لە فە لە ستین دا ئاوا باس دەكات:(وە ك دەزانین ، بەرغووتی لە نێو رێبەڕایەتی فەلەستینیدا ... بە هۆی هەڵوێستی ئازایانەی دژی داگیركاریی ئیسراییل و سوور بوون لە سە رخە بات وبە تایبە ت مافی گە ڕانە وە ی هە موو ئاوارە فە لە ستینیەكان و ...، لە نێو جەماوەر دا خاوە نی پێگە ورێز و خۆشەویستییە كی تایبە تە.هە روە ها بوونی لە زیندانی ئیسرائیل و داكۆكییەك كە لە مافی گەلەكەی كردی ، ئە و خۆشە ویستییەی زۆرتر كردووە.)ئە گە ر پێوهری خۆشـهویستی كە سێك یا لایە نێك لە ناو خە ڵكدائاوا بێت كە جەنابیان باسی دە كات ، كام لایەن بە قەدەر لایە نە ئیسلامیە كان لە و بوارانە دا تێكۆشاوە ؟.بزووتنە وە ی جیهادی ئیسلامی بە بۆنە ی سێلگیری لە سە ر خە بات ڕابە رەكەی بە ناوی دوكتۆر فەتحی شەقاقی لە لایە ن ئیسرائیلە وە تیرۆر دە كرێت.بزووتنە وەی حەماس دامەزرێنەرەكەی بۆ ماوە یێكی زۆر زیندانی و ئە سكە نجە دە كرێت ، و دوای ئازاد كردنیشی بە كە م ئە ندامی،دیسان بە هۆی واز نە هێنای تیرۆر دەكرێت.دوكتۆر عەبدلعەزیز ئەلڕنتیسی كەسایەتی بە رزی حەماس دوای ئەحمەد یاسین بۆ ماوەیەكی دوای تیرۆری دامەزرێنە ر ئەمیش تیرۆر دە كرێت.وە ك لە هە واڵە كانا هاتووە ئیسرائیل گە رەكیەتی بێ هیچ بە رامبەرێك و یەك لایە نە ناوچە ی غەززە چۆڵ بكات لە گەڵ چۆڵپێكردنی ئەو هەموو گووندنشینە داگیركەرەی سەهیۆنیستە كە لە ناو خودی ئیسرائیلدا ئەمباسە هە رایێكی گەورەی ناوە تەوە.دڵنیام كە چۆڵكردنی ئەو ناوچانە كە بە پێتەختی حەماس ناسراوە لە ترسی چالاكیە كانی بزووتنەوەی حە ماسە ،نە لە ترسی حیزبە بێ ڕەنگەكانی خەلق و چەپ وكۆمۆنیست یا حیزبە ئیمزاكەرەكانی پڕیارنامەی ئۆسلۆ . ئەمانەم بۆ ئەوە وت كە ئەگەربە پێوەرەكانی بەڕێزیشی بێت وا بزانم لایەنە ئیسلامیەكان بە تایبەت حەماس پشكێكی باشیان لە خۆشەویستی جەماوەری بەربكەوێت.
لێرەدا گەرەكم نییە پێگەیخەڵكی خۆیان، وەكوو چەپی سەربەخۆ و بە گشتی چەپ لە چاو ئیسلامییەكان لە نێو خەڵكدا دیاری بكەم بە ڵام هەر ئەم دوو نموونەی هەڵبژاردنی كوردستان و فەلەستین، بەسە تا بیسەلمێنێ كە فارس وتەنی جیاوازییان ئاسمان تا ریسمانە.